## شانۆگەریی (یەک ڕۆژ لە دە شەودا) بەڕێوەیە.

**شانۆگەریی (یەک ڕۆژ لە دە شەودا) نوێترین کاری شانۆکار (کارۆخ ئیبراهیم)ە بڕیارە لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ نمایش بکرێ.**

**کارۆخ ئیبراهیم.**

**یەک ڕۆژی ئەمجارەمان دە شەو دەبێ، بەر لە نمایشکردنی کورتەیەک لە ناوەڕۆکی شانۆگەریی (یەک ڕۆژ لە دە شەودا) ئاشکرا دەکرێ، کە بابەتێکی زۆر هەستیاری ناو کۆمەڵگە نیشان دەدا، ئەو بەرهەمە وەکو بەرهەمی ساڵی گرووپی (گەنج بۆ شانۆ) نمایش دەکرێ و ستافێکی گەورەی تەکنیکیی و شانۆکاری بە توانا وەک ئەکتەر بەشدار دەبن، شانۆکار کارۆخ ئیبراهیم کاری دەرهێنانی بۆ دەکا، بڕیارە وردەکاریی پتر بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکرا بکرێ.**



**شانۆکار (بەهمەن حاجی).**

**ئەکتەری سەرەکیی لە شانۆگەریی (یەک ڕۆژ لە دە شەودا.**

**بەهمەن حاجی ئەو ئەکتەرەی هەمیشە سەنگ و هێزی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر تەختەی شانۆ.**



**ماموٚستا (یوسف عوسمان).**

ئەکتەری سەرکیی لە شانۆگەریی (یەک رۆژ لە دە شەودا).

یوسفی شانۆکار ئەمجارە بە جۆرێکیتر دەردەکەوێ، ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە و هەڵبژاردنی ئەو ئەرکە قورسە بەو شانۆکارە سپێردراوە.



**رۆژگار لەشکری.**

سەرپەرشتیار و جێبەجێکاری تەکنیکی دەنگ لە ناو هۆڵ لە شانۆگەریی (یەک رۆژ لە دە شەودا).




**ستۆدیۆی سۆڵۆ.**

موزیکی شانۆگەری (یەک رۆژ لە دە شەودا) لە ستۆدیۆی سۆڵۆ ئەنجام دەدرێ.

بە پێی ئەو رێکەوتنەی نێوان گرووپی گەنج بۆ شانۆ و ستۆدیۆ سۆڵۆ لە هەولێر تەواوی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە ستۆدیۆی ناوبراو ئەنجام دەدرێ، هۆگر عەزیز کاری ئارانجۆر و یارمەتی دابەشکردنی موزیک دەدا، زیرەک حەمەدەمین کاری ریکۆردی بۆ دەکا، زیاتر لە ٢٠ ژەنیار بە ئامێری جیاواز بەشدار دەبن.




**شیاو کەمال.**

**هونەرمەند و موزیکژەنی بە توانا (شیاو کەمال) کاری ئاوازدانان و دابەشکردنی موزیکی شانۆیی شانۆگەریی (یەک رۆژ لە دە شەودا) ئەنجام دەدا.**



**شانۆکار (هێرۆ مەولودی).**

**ئەکتەری سەرەکیی لە شانۆگەریی (یەک رۆژ لە دە شەودا).**

